# تەیەمموم (التَّیَمُّم)

## کەی تەیمموم دروستە ؟

**ئەوەی بە دەست نوێژ وخۆشۆردن حەڵاڵ دەبێت ، بە تەیەممومیش بۆی حەڵاڵ دەبێت** [٨٢]

(٨٢) تەیەمموم جێگەی دەست نوێژ دەگرێتەوە بۆ کەسێك لەش گران نەبێت ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **خَرَجْنَا مَعَ رَسُوْلِ الله (ﷺ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِه حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالبَيْدَاء – أَوْ بِذَاتِ الجَيْشِ – إِنْقَطَعَ عِقْدٌ لِيْ ، فَأَقَامَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) عَلَى إِلْتِمَاسِه ، وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ ، وَلَيْسُوْا عَلَى مَاءٍ ، فَأَتَى النَّاس إِلَى أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيْقِ فَقَالُوا: أَلاَ تَرَى مَا صَنَعَتْ عَائِشَةُ ؟ أَقَامَتْ بِرَسُوْلِ الله (ﷺ) وَالنَّاسِ ، وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ ، فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَرَسُوْلُ الله (ﷺ) وَاضِعُ رَأْسَهُ عَلَى فَخْذِي قَدْ نَامَ ، فَقَالَ: حَبَسْتِ رَسُوْلَ الله (ﷺ) وَالنَّاسَ ، وَلَيْسُوْا عَلَى مَاءٍ وَلَيْس مَعَهُمْ مَاءٌ ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: فَعَاتَبَنِي أَبُوْ بَكْرٍ ، وَقَالَ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ يَقُوْلَ ، وَجَعَلَ يَطْعَنُنِي بِيَدِه فِي خَاصِرَتِي ، فَلاَ يَمْنَعُنِي مِنَ التَّحَرُّك إِلاَّ مَكَانُ رَسُوْلِ الله (ﷺ) عَلَى فَخْذِي ، فَقَامَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) حِيْنَ أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ ، فَأَنْزَلَ اللهُ آيَةَ التَّيَمُّم ، ﴿ .. فَتَيَمَّمُوا ..﴾ فَقَالَ أُسَيْدُ بْنُ الحُضَيْرِ: مَا هِيَ بِأَوَّلِ بَرَكَتِكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْر . قَالَتْ: فَبَعَثْنَا البَعِيْرَ الَّذِي كُنْتُ عَلَيْه ، فَأَصَبْنَا العِقْدَ تَحْتَهُ** )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووم لە هەندێك لە سەفەرکانیدا تا گەیشتینە بیابان _ یان (ذَاتُ الجَيْش) _ ملوانکەکم بڕا و وون بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوێدا مایەوە بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە ، وە خەڵکیش مانەوە لە گەڵیدا ، لە سەر ئاویش نەبوون ، جا خەڵکی ڕۆیشتن بۆ لای (أَبُوبَكْر الصِّدِّيْق) ووتیان: چاووت لێیە (عَائِشَة) چی کرد ؟ بووە هۆی مانەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وخەڵکیش ، نە لە سەر ئاویشن ، وە نە ئاویشیان پێیە ، جا (أَبُوبَكْر) هات و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سەری خستبووە سەر ڕانم و خەوتو بوو ، جا ووتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەڵکیتیش گیردا ، وە نە لە سەر ئاوون ، وە نە ئاویشیان پێیە ، (عَائِشَة) فەرمووی: جا (أَبُوبَكْر) زۆر سەرزەنشتی کردم ، وە ئەوەی خوا ویستی لە سەر بێت پێی ووتم ، وە بە دەستی لە قەبرغە(خَاصِرَة)ی دەدام ، هیچ وای لێ نەدەکردم نەجوولێمەوە تەنها شوێنی پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ) کە سەری لە سەر ڕانم دانابوو ، جا کە بەیانی بوویەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستا بە بێ ئاو ، جا خوای گەورە ئایەتی تەیەممومی دابەزاند ، جا هەموویان تەیەممومیان کرد ، وە (أُسَيْدُ بنُ حُضَيْر) دەیووت : ئەمە یەکەم بەرەکەتی ئێوە نییە ئەی کەس وکاری (آلَ أَبِي بَكْر) ، (عَائِشَة) ووتی: کاتێك ئەو ووشترەمان هەڵساند کە من بە سەرێوە بووم ، ملوانکەکەمان لە ژێریدا دۆزیەوە [رواه البخاری (١/٤٣١/٣٣٤) ومسلم (١/٢٧٩/٣٦٧)].

وە هەروەها جێگەی خۆشۆردن دەگرێتەوە بۆ کەسێك لەشی گران بێت ، لە بەر فەرموودەکەی (عُمْرَانُ بنُ حُصَيْنِ الخُزَاعِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی پیاوێك دووری گرتووە ونوێژی لە گەڵ خەڵکیدا نەکرد ، جا پێی فەرموو: (( **مَا مَنَعَكَ أَنْ تُصَلِّي ؟** )) واتە: ئەی فلان کەس ، چی وای پێ کردیت کەوا لە گەڵ خەڵکیدا نوێژ نەکەیت ؟ ئەویش ووتی: تووشی لەش گرانی بووم و ئاو نییە . پێغەمبەری خوایش فەرمووی: (( **عَلَيْكَ بِالصَّعِيْدِ فَإِنَّهُ يَكْفِيْكَ** )) واتە: تەیەمموم بە سەر زەوی بکە ، چونکە ئەوەت بەسە . واتە: جێگەی ئاووت بۆ دەگرێتەوە [رواه البخاری (٤/٤٧٧/٣٤٤) ومسلم (١/٤٧٤/٦٨٢)].

**بۆ کەسێك ئاوی دەست نەکەوێت** [٨٣] **، یان ترسی ئەوەی هەبێت بە بە کارهێنانی ئاو زیانی لێ بکەوێت** [٨٤].

---

(٨٣) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة: ٦) ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبَاً فَاطَّهَّرُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الغَائِط أَوْ لَامَسْتُمْ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْدَاً طَيِّبَاً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ..﴾ واتە: وە ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە سەر

ئاوەوە هاتنەوە یان جووت بوون لە گەڵ ئافرەتاندا و ئاووتان دەست نەکەوت – دەست نوێژ بگرن یان خۆتان بشۆرن – ئەوە تەیەممومم بکەن بە سەر زەویەکی پاك و مەسحی ڕوومەت و هەردوو دەستانی پێ بکەن

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) و (عُمْرَان) بڕوانە (پ ٨٢).

(٨٤) ترسی زیان لێ کەوتن ئەوەیە ترسی هەبێت نەخۆش بکەوێت ، یان نەخۆشێکەی زیاتر بکات ، یان ترسی کوشتنی هەبێت ... لە بەر ئایەتەکەی پێشوو ، وە لە بەر ئەو فەرموودانەیشی کە لەو بارەوە هاتوون ، وەك فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ العَاص) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی کرد بۆ(غَزْوَة)ی (ذَاتُ السَّلاسِل) ، جا فەرمووی: لە شەوێکی زۆر سارد دا لەشم گران بوو ، جا ترسام کەوا ئەگەر خۆم بشۆم تیا بچم ، بۆیە تەیەممومم کرد ، پاشان نوێژی بەیانیم بە هاوەڵەکانم کرد ، جا کاتێك گەڕاینەوە ، بۆ پێغەمبەربان گێڕایەوە ، جا ئەویش فەرمووی (( **يَا عَمْرُو ، صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُب** ؟ )) واتە: ئەی (عَمْرُو) بە لەش گرانیەوە نوێژت بە هاوەڵەکانت کرد ؟ منیش ووتم: ئەو فەموودەیەی خوای گەورەم یاد کەتەوە کە دەفەرمێ: ﴿ وَلَاتَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيْمَاً﴾ واتە: خۆتان مەکوژن بە ڕاستی خوای گەورە زۆر بە بەزەییە بەرانبەر بە ئێوە . جا بۆیە تەیەممومم کرد ، پاشان نوێژم کرد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی وهیچی نەفەرموو [رواه أبو داود (١/٥٣٠/٣٣٠) وأحمد (٢/١٩١/١٦) وغيرهما وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح ابى داود (٣٢٣)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر)یش (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: دەرچووین بۆ سەفەرێك جا پیاوێکمان بەردێك دای لە سەری ، سەری شکاند ، پاشان لەشی گران بوو ، جا پرسیاری لە هاوەڵەکانی کرد ووتی: ئایە هیچ ڕوخسەتێك دەبینن بۆ من کەوا تەیەممووم بکەم ؟ ئەوانیش ووتیان : هیچ ڕوخسەتێك نابینین تا تۆ توانات لە سەر ئاو هەبێت ، جا ئەویش خۆی شۆرد ومرد ، کاتێك کە گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی ئەوەیان پێ ڕاگەیاند ، ئەویش فەرمووی: (( **قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللهُ أَلاَ سَأَلُوا إِذَا لَمْ يَعْلَمُوا ، فَإِنَّمَا شِفَاءُ العَيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيْهِ أَنْ يَتَيَمَّم** )) واتە: کوشتیان ، خوا بیانکوژێت ، ئایە بۆ پرسیاریان نەکرد ،

---

## پایەکانی تەیەمموم ( أَرْكَانُ التَّيَمُّم )

**نیەت [٨٥] وهەردوو دەست دان بە سەر زەویەکی پاکدا ومەسح کردنی ڕوومەت وهەردوو دەست [٨٦]، وە پێویست(وَاجِب)ە بە ناوی خواوە دەست پێ بکرێت هەر وەکو دەست نوێژ [٨٧]**

## سوننەتەکانی تەیەمموم

**پێش خستنی دەستی ڕاست لە مەسح کردندا [٨٨] ، وە فوو کردن بە هەردوو لەپدا پێش مەسح کردنی ڕوومەت [٨٩]**

---

کاتێك کە نەیانزانی ، چونکە شیفای هەموو نەخۆشیەك پرسیار کردنە ، تەنها بەسی بوو تەیەممووم بکات [رواه أبو داود (١/٢٣٩/٣٣٦) وله زيادة ولكن الحديث الى حيث ذكرنا حسن بشواهده بڕوانە تمام المنة للألباني (ل ١٣١–١٣٥) وصحيح ابى داود (٣٢٦)].

(٨٥) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣١).

(٨٦) لە بەر فەموودەی خوای گەورە کە لە سورەتی (المائدة: ٦) ﴿..فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْدَاً طَيِّبَاً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيْكُمْ مِنْهُ﴾ بڕوانە (پ ٨٣) .

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَمَّارُ بنُ يَاسر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أَجْنَبْتُ فَلَمْ أُصِبْ مَاءً ، فَتَمَعَّكْتُ فِيْ الصَّعِيْد وَصَلَّيْتُ ، فَذَكَرْتُ ذَلكَ لِلنَّبِيِّ** (ﷺ) **فَقَالَ: إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيْكَ هَكَذَا . وَضَرَبَ النَّبِيُّ** (ﷺ) **بِكَفَّيْهِ الأَرْضَ وَنَفَخَ فِيْهِمَا ، ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْه** )) واتە: لەشم گران بوو وئاووم دەست نەکەوت ، جا خۆمم لە ناوی خۆڵدا بلکاندەوە – تلاندەوە – ونوێژم کرد ، جا ئەمەم گێڕایەوە بۆ

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش فەرمووی : تەنها ئەوەت بەس بوو کەوا بکەیت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردوو ناو دەستی – لەپی – بەزەویدا دا و فووی پێدا کرد ، پاشان مەسحی ڕوومەت و هەردوو دەستی پێ کرد [رواه البخاری (١/٤٥٥/٣٤٧) ومسلم (١/٢٨٠/٣٨٦) وغیرهما].

**تێبینی:**

بنەڕەت(أصْل) لە تەیەمموم کردندا ئەوەیە کە لە جێگەی دەست نوێژە ، جا هەر شتێك بە دەست نوێژ حەلاڵ ببێت ئەوە بە تەیەمومیش حەلاڵ دەبێت ، وە دروستە پێش هاتنی کاتی نوێش بکرێت ، هەر وەکو دەست نوێژ هیچ جیاوازیەك لە نێوانیان دا نییە ، وە هەروەها دروستیشە بە یەك تەیەمموم چەند نوێژێك بکرێت ، ئیتر فەرز بێت یان سوننەت.

(٨٧) چونکە تەیەمموم لە جێگەی دەست نوێژ دایە ، کەوا بوو چۆن (بِسْمِ اللهِ)ی کردن بۆ دەست نوێژ پێویست(وَاجِب)ە ، هەروەها بۆ تەیەمموم کردنیش پێویست(وَاجِب)ە ، بڕوانە (پ٣٤) .

(٨٨) لە بەر فەرمودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیَ ڕەزای بێت) بڕوانە( پ٤٢) ، چونکە تەیەمومیش هەر ( طَهُور)ە .

(٨٩) لە بەر فەرمودەکەی (عَمَّارُ بنُ یَاسِر) (خوای لیَ ڕەزای بێت) ، بڕوانە(پ٨٦) .

## ئەوانەی تەیەمموم بەتاڵ دەکەنەوە
## ( مُبْطِلاتُ التَّیَمُّم )

**ئەوانەی دەست نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە تەیەمومیش بەتاڵ دەکاتەوە ، وە نەمانی هۆکانی تەیەمموم کردنیش[٩٠] .**

(٩٠) چونکە تەیەمموم لە جێگەی دەست نوێژە ، بۆیە هەر شتێك دەست نوێژ بەتاڵ بکاتەوە ، تەیەمومیش بەتاڵ دەکاتەوە . وە هەروەها هەر کاتێکیش ئەو هۆیانە نەما کە بە هۆیەوە تەیەمموم حەلاڵ بووە ئەوە تەیەممومەکە بەتاڵ دەبێتەوە .

لەبلاڵوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com